**کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

Referendum for Kurdistan

# زێباری ئایندەی بێئیعتباربونی یەکێتی وپارتی لە رفراندۆمدا دەبینێتەوە

هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی حکومەتی کاتی عێراق لە چاوپیکەوتنیکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی فاینانشال تایمزی بەریتانیدا لەڕۆژی 2 کانونی دووەمی 2005 رایگەیاند"رفراندۆم ئیعتباری سەرکردایەتی کورد دەهێنێتە ژێرپرسیار کاتێك دەمانەوێت بەیەك زمان قسەبکەین لەسەر چوون بەرەو ئەو پاداشتە گەورەیەی دیموکراسی ، فیدرالی و یەکێتی عێراق".

ئەم ڕاگەیاندنەی ئاشکرایەی زێباری نەك تەنها دەرخەری ڕاستی پابەندنەبون و باوەڕنەبونی سەرکردایەتی یەکێتی وپارتی‌یە بەوەی خەڵکی کوردستان چارەنوسی کوردستان لە رفراندۆمێکدا دیاری بکەن ، بەڵکو رفراندۆم بەبێ ئیعتبارکردنی قسەو بڕیاری خۆیان دەزانێت کە سەبارەت بە فیدرالی و یەکێتی عێراق داویانە. بەڵام قسە وبڕیاری خەڵکی کوردستان کە چەند ساڵە لەم رفراندۆمە نمونەیانەی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئێستاش بزوتنەوەی رفراندۆم لەڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بەسەربەخۆیی کوردستان و نەگەڕانەوە بۆ عێراق داوە ئیعتبارێکی نی‌یە لای زێباری و حزبە ناسیونالیستە دەسەڵاتدارەکان.

زێباری وەك بزنس مانێك دڵسۆزی بۆ پۆستی وەزارەتی درەوەی حکومەتە عێراقیەکەی لەوە نیگەرانی کردوە کە ئەم دوو ڕوویی‌یەی یەکێتی وپارتی لەوەی لەلایەك زمانی فیدرالی و یەکیتی عێراق زمانی ڕەسمیانە و لەلایەکی ترەوە رفراندۆمیشیان وەك زمانێکی نارەسمی و کارتی فشار بەکارهێناوە ، کارێك بکات کە ئەو پاداشتە گەورەیەی زێباری چاوەڕوانی دەکا لە سەر حسابی سەپاندنی فیدرالی و یەکیتی عێراق بەسەر خواستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستاندا لەدەستی بدات وئەمجارە ئەو پۆستەی پێنەبەخشنەوە.زێباری ئاگاداری سەرکردایەتی کورد دەکا کە رفراندۆم ئیعتباری بڕیاری فیدرالی ویەکیتی عێراقەکەی حزبەکانی دەهێنێتە ژێرپرسیار و دەبێت رفراندۆم بخرێتەلاوە و،سەرەڕای هەر چەواشەکردنێکیشی چیتر ڕێگە نەدرێت بەباسکردن و دەرکەوتنی رفراندۆم.

یەکێتی وپارتی ئەگەر دڵنیابن لەوەرگرتنی ئەو پاداشتە گەورەیەی فیدرالی و یەکیتی عێراق پێیان دەبەخشێت و لە ئەنجامی هەڵبژاردندا چەند کورسیەکی حکومەتی عێراقیان دەست بکەوێت ، بێگومان زوو ئاگاداریەکەی زێباری جێبەجێدەکەن ونایەڵن رفراندۆم خەتی سووری ئیعتباری خۆیان ببەزێنێت و ئەوانەی لە بزوتنەوەی رفراندۆمدا تەنها لەم سنورە دیاریکراوەدا دەوردەگێڕن دەنێردرێنەوە بۆ ماڵەوە و دەوری مێژووییان بەسەر دەچێت و وەك کرێچیەك لەلایەن ئەم خاوەن ماڵانەی دەسەڵاتی کوردستانەوە داوای چۆڵکردن و ئاشبەتاڵیان لێدەکرێت . بەڵام تا ئەوکاتەی یەکێتی وپارتی لەم پاداشتە دڵنیا نەبن و جێگیر نەبن ئەوا لەپاڵ قسەی ڕەسمی فیدرالی ویەکێتی عێراقدا ، دەیانەوێت کۆنترۆلی مەیدانی رفراندۆمیش بکەن کە وەك ئۆپۆزسیۆنێکی وەزعی ئێستایە.

ئەم ئاگاداریەی زێباری نیشانەی ئەوەیە کە کێشمەکێشی خەڵکی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە هەر لەگەڵ سیستانی و عەلاویدا نی‌یە لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی ئێستای کوردستان و نەچوونەوە ژێرسایەی دەستور ودەسەلاتی عەرەبی و ئیسلامی لە عێراقدا بەڵکو کێشمەکێشی جەماوەری کوردستان لەگەڵ یەکێتی وپارتیشدایە لەسەر چارەنوسی کوردستان . نارەزایەتی بەرامبەر یەکێتی عێراق و نەچوونەوە ژێرسایەی دەوڵەتی قەومی وئیسلامی لە عێراقدا درەنگ یان زوو لە ئیعتباری یەکێتی و پارتی کەم دەکاتەوە و ئیعتباری رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان و ئەو هێزانەی ئاڵاهەڵگری ئەم خواستانەن دەباتە سەرەوە. کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بۆ خۆئامادەکردن لەم مەیدانەدا جەماوەری کوردستان و هێزی هاوپشتی نێونەتەوەیی بەدەوری کۆنگرەیەکی جەماوەری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستاندا کۆدەکاتەوە.

2005/02/05

**TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.uk**www.kurdistanreferendum.net